چاوپێکەوتن لەگەڵ نوسەر و مێژوونوسی ئەکادیمیی کورد د. جاسم خەشناو.. سازدانی: هیوا ناسیح

(لە خەرانی بناری سەفینەوە وە تا کن منارە خوارەکەی پیزە)

((د. جاسم خەشناو، ئەو پیاوە سادە و خاکیەی گەشتی ژیانی لە گوندی خەرانی بناری سەفینەوە دەست پێ دەکات، ئەو یەک لە چالاکترین و دڕینترینی ئەو کوردانەیە کە وا بێ نیو سەدە دەچێت لە هەندەرانە و بێ ڕاژەکیش لە خەم و خەبات و ئازاری گەل و نەتەوەکەی دانەبڕاوە، جگە لەوەی کۆتایی حەفتاکانی سەردەی ڕابردوو چەند ساڵێک لە سەرەتای شەشی نوێ پێشمەرگە بووە، ساڵی ١٩٨١ ڕویکردۆتە ئیتالیا و دوو دکتۆرای لە بوارەکانی (پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان وە مافی مرۆڤ) لە وڵاتەدا هێناوە، چەندان بڕوانامەی نێودەوڵەتی لەبوارەکانی مێژوو، هەڵبژاردن، ڕەکخراوی مەدەنی و ..هتد هێناوە. ناوبراو ئێستا مامۆستای زانکۆیە لە یەکێک لە زانکۆ بەناوبانگ و دڕینەکانی ئیتالیا (زانکۆی پیزە)، چەند کتێبکی لەسەر کورد لە زمانی ئیتالییەوە وەرگێڕاوە و نوسیوە، دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر کورد و کێشەکەی بە ئیتالی بڵاوکردۆتەوە، سەرپەرشتیار و ڕێکخەری چەندان کۆنفرانس و سیمینار و بۆنەی کەلتوری و سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی بووە لەگەو وڵاتە. بە کورتی دەتوانین بڵێین ناوبراو ناسراوترین و چالاکترین کوردە لە وڵاتی ئیتالیا، کەچی لای کورد خۆی هێشتا زۆر کەم ناسراوە و بایەخی پێنەدراوە! لەم چاوپێکەوتنەدا ئاشنای دەبین و دەزانین کە ئەم کەسە گەوهەرێکە، بەمشوریی دەستەڵاتی کوردی و تەمی غوربەت لەبەر چاوانییان ون کردوە.))

پ ١. دکتۆر جاسم خەشناو کێیە؟ گەر لە دەمی خۆیەوە بیناسین.

و: ناوم جاسم تۆفیق مستەفایە، لە ساڵی 1959 لە گوندی "خەران"، لە بناری چیای سەفین هاتووم دونیاوە، لە سەرەتای سالانی شەستکان ماڵمان چۆتە هەولێر، لەرێ قەناغەکانی خوێندنم تەواو کردووە، لە هەولێر لە ئامادەیی کوردستان خوندوم. لە نۆوزی 1981ەوە لە

ئیتالیا دەژیم.
پ ٢. کاک دکتەر کەی و چۆن تەکەاوی شەشی کورد بوون و دواتر چۆن بوو سەنگەری خەباتتان لە شاخەوە بردە ئەوروپا؟
و: لە راستی من، وەک زۆربەی خەلکی کوردستان، لە سەردەمی مندالی تەکەلاوی بزوتنەوەی چەکداری یان شەش بووین، لە سەرەتا مالمان لە گوند بوو، لە دوای ئەیلولی 1961 گوندەکەمان بەردومانکرا، ناچار زۆربەی دانیشتوانەکەی رووی لە ئەشکەوتەکانکرد، وەک خۆنی شەوانە هەندەکم ئەستاش لە بیر ماوە.
بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان لە سالی ١٩٢٠ ناوچەکەمان بە سەرکردایەتی میرانی سالح بەگی خۆران لە دژی دەسەلاتی ئینگلیز راپەڕیوون، لەشکرکیان بە کەمەک و پالپشتی لە حکومەتەکەی شێخ مەحمود ڕەوانەی ناوچەی سلەمانی کردووە، بۆیە فرۆکەکانی ئینگلیز گوندی خۆرانیان بەردومان کردووە. لە سالی ١٩٢٤ کاتێک سمکۆ ئاغای شکاک، بە خێی لەشکرەکەی سەردانی کوردستانی باشور دەکات، دەڵێن، ٢ شەو لە گوندی خۆران میوان بووە و پاشان لە ڕێگەی مەرگە و پشدەر گەڕاوەتەوە ڕەژهەلات. دوایی کە مالمان هاتە هەولێر و چوونە قوتابخانە زۆربەی هاوینەکان دەگەڕاینەوە گوندەکەمان یان گوندی مالی دایکم، سوسە، ئاشنایەتیمان لەگەل پێشمەرگە زوو بە زوو پێیداکرد، زۆربەی خزمەکانی دایکم پێشمەرگە بوون.
لەگەل بەیانی ئازاری 1970 هەستی "کوردایەتی" لای من نەشونمایکرد، لە قۆناغی ناوەندی چوومە ریزی "یەکێتی قوتابیانی کوردستان" و دەستم بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبکرد. لە گەل دەستپێکردنەوەی شەڕو پێکدادانی 1974 بە ماوەی 2 مانگ، ئازار و نیسان، لە گوندەکانی خەمان لە خویندن دابڕام و تفەنگچی بەنەی لە خەم درۆژترم بە شان بوو، پاشان بابم و خزمان ناچاریانکردم بگەڕێمەوە هەولێر.



((وێنەیەکی قەناغی ئامادەیی لە هەولێر (١٩٧٧))

کە ئاشبەتالی 1975 رویدا کاریگەری گەورەی لەسەر من دروستکرد، دوای تەواوکردنی ئامادەیی ناوم لە "پەیمانگای تەندروستی موسل" دەرچوو، سەرەتای مانگی 11ی سالی 1978. گەڕامەوە هەولێر و پاش چەند رۆژێک پەیوەندیم بە هەزی پ. م. یەکێتی کرد، 2 خالم پێشمەرگەبوون، لە مەهابادە مالی خالی دایکم و هەندە لەو خزمانەی لە دوای ئاشبەتاڵ لە ئێران مابوونەوە، دوای روخان و نەمانی شا گەڕابوونەوە مەهاباد، خالێکم هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی ماهابادی کردبوو. لە مەهاباد ئاشنایەتی و ناسینم لەگەڵ هەزە سیاسیە کوردی و ریکخراوە ئیرانیەکان پەیدا کرد، دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەعات چاوپێکەوتن لەگەڵ شەهید قاسملۆ بکەم.

چۆن و لە بەرچی سەنگەری خەباتی چەکداریم جێ هێشت؟ وەلامەکە دوورو درێژە و ئەوەندە دەتوانم بڵێم من و هاوتەمەنەکانم، لە شار، بیرو بۆچوونەکی ڕەمانسیمان بۆ شۆڕش هەبوو، باوەڕمان بە ئازادی رادەربڕین، پرنسیپی عەدالەت و دەستپاکی و راستگۆیی و خزمەتی چینی هەژار و.. هتد هەبوو بەداخەوە لە شاخ ئەوانە زۆر کەم بوون، ئەوکات شۆڕشی براکوژی نەوان یەکێتی و قیادەی موقەتە، یەکێتی و حسک و ئەوانیتر لە ئارادابوو، پاش نزیکەی 2 سال وازم لە پ.م هێنا. بیریی ئەوەم دەکردەوەو ئاگەر بچمە ئەوروپا و هەول بدەم هەست و سەزی رای گشتی و کەمەلانی خەلکی ئەوروپا بۆ دەزی کورد رابکێشم لەوانیە لە خەباتی چەکداری باشتر بێت. ئەوەبوو دەرفەتکم بۆ ڕەخسا و لە ڕێگەی تورکیا بەرەو هەندەران کەوتمە ڕێگا، پاش سەردانیکردنی هەندی وولات لە سەرەتای 1981 لە ئیتالیا گیرسامەوە.

پ ٣. لە ئیتالیا چیتان خوێندوە، ئەو پلە زانستی و ئەکادیمیانەی هێناوتانە چین؟

و: لە راستی نە دەبوایە لە ئیتالیا بمێنمەوە، ئۆکات، بە یاسا، نە مافی پەناهەندەیی و نە سیسیال هەبوو، ئیقامە وەرگرتن زۆر بە موشکیلە بوو، لەبەر ئەوە بەیاری مانەوەم عەقلانی نەبوو. لەگەل ئۆوەش، لە شاری پێروجا Perugia، دەستم بە خوێندنی زمان کرد، پێروجا شارێکی کۆمونیستی و چەپ بوو. پاشان لە کۆلێژی علومی سیاسی لە شاری پیزە Pisa وەرگیرام، تا کۆتنی رژێمی بەعس لە نیسانی 2003 تاکە کورد بووم لێم شارە.
لە شاری پیزە زانستی سیاسی، بە شی "یاسا و سیاسەتی نێودەولەتی"م تەواوکرد. پاشان لە سالانی 1992 – 1995 لە زانکۆی پادۆڤە Padova کە 40 کم لە شاری ڤینیسیا دوورە دکتۆرام لە "دامەزراوەو تەکنیکەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ" تەواو کرد. لە کۆتایی 1995 تا ناوەڕاستی 1998 گەڕامەوە شاری پیزە و خەریکی دکتۆرا بووم لە "پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان".
لە سالی 1994 لە زانکۆی مەعریفەی رۆما La Sapienza، لە پشبەکێیەک سەرکەوتم و دەبوایە بە ماوەی 2 سال وەک تۆژەر بمێنیتەوە و پاشان، ئەگەر مامۆستاکان رەزامەندیان دەربەیبایە ئەوە دەبووی بە مامۆستای یاریدەدەر و پاشان رێچکەی زانستیت وەردەگرت و تا پڕۆفیسەر. بەداخەوە ئۆکات من جنسیەی ئیتالیم نەبوو و قەبول نەکرام، ئۆکات وەرگرتنی وولاتینامەی ئیتالی زۆر بە گرفت بوو، ئێستاش هەر وایە.



((وێنەیەکی قەناغی خەباتی شاخ، لە ریزی ی.ن.ک.، لە هاوینی ١٩٧٩، مەهاباد شاری مەهاباد، هاوینی ١٩٧٩، گڕوپکی "کوی فڕح"، نزیکی مەکتەبی – دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات، لە راستەوە: جاسم

خشناو، محەدین مەعروفی (ماهابادی)، حاکم پشتو سەید برایم))
پ٤: کاک دکتەر ئەو سالانەکی زەر بوو لە ئیتالیا دژیان ئەو چۆن بوو ڕۆگەزنامەی ئەو وولاتتان نەبوو و بۆچی شاری پیزاتان هەلبژارد؟
و: لە ڕاستی پەمخش بوو لە شاری فلۆرانس بخوینم، کە پایتەختی هەرەمی تۆسکانا Toscana یە و ڕەنانسی ئیتالیا و هەموو ئەوروپا لەڕە سەری هەلداوە، کەمەلەک کوردی باشورو ڕۆژهەلات لەم شارە دژیان و زەریش چالاکبوون بەلام شارەک بوو بژوی ژیانی گران بوو، بە تایبەتی خانو بە کرێ زەر گران و بە زەحمەت دەستدەکەوت. شاری پیزەم هەلبژارد لەبەر دوو هۆ، ٨٠ کم لە فلۆرانس دوورەبوو و، لە شاری پیزە لە کۆتایی سالانی ١٩٦٠ بزوتنەوەی خویندکارانی چەپ لەڕە لە دایکبووەو گەشەی کردووە. هەروەها لە سالی ١٣٤٣زا بە فەرمی زانکۆی پیزا کراوەتەوە و ڕۆ و سەنگەکی تایبەتی هەیە.
سەبارەت بە بەدەستهێنانی جنسیەی ئیتالی، ئەوکات و ئێستا، زەر بە گرفتە، بە یاسا دیارینەکراوە کە پاش ئەوەندە سالە، تە مافی وەرگرتنت هەیە، زەر کەس هەیە، لەوانە ژمارەیەک کوردی باشور، دوای ٢٠ – ٣٠ سال ولاتینامەی ئیتالیان وەرگتووە. لەبەر ئەوەی لە ئیتالیا جنسیە ماف نیە بەلکو "لەڕە جنسیەت پە دەبەخشن یان پەت دەدەن". لە سالی ١٩٩٢ یاسای ولاتینامە کە تاکو ئیستا دەستکاری و هەموار نەکراوە
لە ئیتالیا وەزارەتی ناوخە بەرپرسی سەرەکی پەدانی ولاتینامەیە، داواکەت بە کەمەلەک فلتەر دەوات و لە کۆتایی بە بەیاری وەزیری ناوخە پەت دەبەخشن.

من لە سەرەتای مانگی یەکی ١٩٩٤ داواکاریم پەشکەشکرد، لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٩٦ وەلامەکە بە نەگەتیڤ گەڕایەوە، زەر زەر پەی نیگەران بووم، بە ماوەی چەند ڕۆژەک لە مال دەرنەچووم و وەلامی تەلیفۆنیشم نە دەدایەوە. وەلامەکە، بە نووسین، دەلێ :
"ناوبراو (جاسم) هەرچەندە هەرسە مەرجە یاسایەکانی هەیە بەلام بە پەی ڕاپەرتەکی ئاسایش و هەواڵدەری نیشتمانی ڕۆژی ... پەدانی ولاتینامەی ئیتالی بە ناوبراو هەڕەشە بە سەر بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی ئیتالیا دروست دەکات ... هتد".
مانگی پەشو، تەموزی ١٩٩٦ زەربەی کاتم لە شاری ڕەما بەسەر برد، بە یارمەتیدانی برادەرانی باکور بە بەستنی خولی پەنجەمی "پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی ولات" و بەشداریکردن تەیدا، چاوپەکەوتنم لەگەل دەیان ئەندام پەرلەمان و ڕۆژنامەنوس ئەنجامدا. مانگی ئاب لە ئیتالیا مانگی پشو و گەشت و گەڕانە، شەی ناوخەی پارتی –

یەکێتی و، ٣١ ئاب، سەرباری هەموو شتێ بوو.
بە هەرحال دوای هەفتەیەک پەیوەندیم بە هەندێ مامۆستای زانکۆ و کۆمەڵایەتی شاری پیزێ کرد، هەموو بەیەکەوە کابووینەوە و بە چاوی خۆیان وەڵامە نوگەتیڤەکەیان بینی و بە جارێک حەپەسان. بەیاردرا واژەی ژمارەیەک کۆمەڵایەتی ئەکادیمی و کولتوری و سیاسی و ئیداری کابکەنەوە و رەوانەی لای وەزیری ناوخۆی بکەن و چونکە تەنها ئەو دەیتوانی بەیارەکە پوچەڵ بکاتەوە. خۆشبەختانە وەزیری ناوخۆی ئەوکات بەڕێز جۆرجۆ ناپۆلیتانۆ-Giorgio Napolitano (١٩٢٥ – ٢٠٢٣) بوو. کۆمەڵایەتی سیاسی ناسراو بوو، لە ساڵانی ١٩٨٠ بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی "پارتی کۆمونیستی ئیتالیا"بوو، لە 2006 تا 2015 بووە سەرۆک کۆمار. پارتی کۆمونیست، ئەوکات، دووەم پارتی گەورەی ئیتالی بوو، من ٢ جار لەکاتی سەردانی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە چاوم پێیکەوتبوو، جارەکیش، لە نیسانی 1991، بەڕێزان د، مەحمەد عوسمان و عەدنان موفتی بردە لای سکرتێری حیزبەکە و بەڕێز ناپۆلیتانۆ ئامادەبوو، هەر ئەوکات سەرەکی پەرلەمانی ئیتالی سەر بە پارتی کۆمونیست بوو و پێشوازی لە وەفدکی رەوەندی کورد لە ئیتالیا کرد و منیش یەکێک بووم لە بەشداربوەکان.



((خێپشاندان لە بەرامبەر پەرلەمانی ئیتالی لە ١٠ نیسانی ١٩٩١، د. جاسم، جانتا بەدەستەکە لەگەڵ شاندیکی کوردی لە لایەن سەرەکی پەرلەمان و جێگرەکانی پێشوازیمان لێکرا))
مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوکات وەزیری ناوخۆ منی دەناسی، ئەوکاتەی بەرپرسی پارتی کۆمونیستی شاری پیزێ، کە ناوەکەی ئەوکاتە گەدرا بوو بە پارتی دیموکراتی چەپ، تەلیفۆنی بە وەزیر کرد و مەسەلەکەی بە باسکرد من لە تەنیشتی دانیشتبووم و گوێم لە گفتو گۆکە بوو، دیار بوو وەزیر نیگەران بوو و سلاوی بە ناردم و رای وابوو نامەکەی بە واژەکانی بە بنەرن و لە هەمانکات سکالایەک ئاراستەی دادگا بکەن. ئەوە بوو نزیکەی ١٠٠ واژە، هی دەیان پەرلەمەنتار، سەناتەر، سەرەکی ٣ زانکۆ، سەرەکی ٤ کەنەز، دەیان مامۆستای زانکۆ، رۆژنامەنوس، پارێزگاری شاری پیزێ و ... تاد کۆکرایەوە و رەوانەکرا.

لە هەمانکات جەگری پارێزگاری پیزە کە مامۆستای کۆلێژی یاسا و پارێزریش بوو سکالاکەی پێشکەشکرد.
بەجگە لەمە ١٠ ئەندامی پەرلەمان و سەنات، بە فەرمی، لە کاتی پرسیار و وەلام question time داوایان لە وەزیری نەوخە کردبوو، سەبارەت بە بیارکە، رونکردنەوەی زیاتر بدات. بە بەشداری خەم لە ٤ پرۆگرامی تیڤی و ٢ بەرنامەی رادیۆ، باسی بیاری رێکردنەوەکە کراو دیان رێژنامەی ئیتالی وتاریان لەسەر نووسیوو. ئەو دکۆمێنتانەی باسم کردن هەموو لە ئەرشیڤکەی خەم پاراستراون. ئەو یەکەمجار بوو مەسەلەی "رێکردنەوەی رۆگەزنامەی ئیتالیا" ئەو دەنگە بداتەوە بگوێتە ئەو شوێنانەی باسم کردوون.
من دەمزانی پۆلیسی نهینی ئیتالی چاودێری چالاکیکانی من و زۆر کەسیتری دەکرد، لە سالی ١٩٨٤، بە فەرمی بانگیانکردم و هەندە پرسیاریان کرد و منیش وەلامی هەمووم دایەوە. ئەو بوو پۆلیسی شاری پیزە، دوای ئەو دەنگدانەوەو ناڕازایەتیە بانگیانکردم و پێیان راگەیاندم کە ئەوان "راپەرتکی پێزەتیڤیان" بە وەزارەتی ناوخە ڕەوانەکردووەو سەریان سوماوە کە بە نەگەیف وەلامت بە هاتتەوە. منیش داوای کۆپیەکی راپەرتکەمکرد، هەرچەندە ئەم راپەرتانە "نهێنی"ین بەلام لە کۆتایی گوتیان داوایەک بە فەرمی بنووسم، لە کۆتایی هەموو مەلەفکیان خستە بەردەستم کە بە کورتی ئاماژیان بەم خالانەکردبوو: ١. زمانی ئیتالی زۆر باش دەزانی و پێی دەنووسم، ٢. رەفتارو سلوکی نایاب، ٣. هیچ جۆرە تاوانکی ئەنجام نەداوەو پێاوکی سپیە، ٤. کوردی عێراقە، ٥. یەکەکە لە چالاکوانکانی خوێندکارانی کورد لە ئیتالی KSEE، ٦. بەرپرسی کمیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە ئیتالیا و ئەندامکی چالاکی ئەوروپایە، ٧. هەولی ناساندنی دەزی کورد دەدات لە ئیتالیا لە رێگەی وتار و کتێب نووسین (ناوی ٤ کتێبیان نووسیبوو)، دیبەیت و کۆنفرانس و خێپیشاندان ئامادە دکات و بەشداری چالاکانشی تیا دکات، ٨. لە پیزە زانکی تەواو کردووە و دکتورای وەرگرتووە … هتد.

لە کۆتایی راپەرتکی پۆلیسی پیزە هاتووە "بە را و بچوونی ئەمە ناوبراو هیچ جۆرە هەڕەشە و مەترسیک بەسەر بەرژەوەندی و ئاسایشی ئیتالیا دروست ناکات". کۆپیەکی ئەم راپەرتەم لای خەم پاراستووە. لە لایک دەم بەو راپەرتی پۆلیسی شاری پیزا خش بوو و لە لایکیتریش ئەوەندەیتر نیگەران بووم. شانازی بوو دکەم کە لە ئەرشیڤی ئیتالیا بەو شێوەیە باسمکراوە.
لە راستی من لە سالی یەکەم لە ١٩٨١ لە لایەن پۆلیس چاودێریم خرابووە سەر بەبە ئەوەی هەستی پێ بکەم. لە 1 ئابی ١٩٨١ "یەکێتی

لاوانی شۆشگەی کوردستان"مان بۆ بەیان راگەیاند، پاشان "پەیوەندیگرامی ناوخۆ" بلاو کردەوە.
من و سەلاح ڕەبوار سەرپەرشتی ئەو ڕێکخراوە نوێیەمان دەکرد، بڕیارماندا کەمالە کتێب بۆ کوردی و عەرەبی پەیدا بکەین و بەسەر خوێندکارە کوردەکان دابەشیان بکەین و هانیان بدەین بخوێننەوە و کتێبیان خۆش بوێت.
بەوەش ڕانەوەستاین، لە کۆتایی سالی ١٩٨١ تابیعەیەکی عەرەبی زەر باش، بۆ ئۆوکات، کەی، ٢٠٠ دۆلاریشمان، لە ڕێگەی دەستەکی عەراقی سەر بە قیادەی مەرکەزی ڕەوانەی مۆسکۆ کرد و پاش ماوەیەک دونیایەک کتێبمان بۆدەست گەیشت، هەموو کتێبەکانی ماڕکس و لینین و ماوتسی تونگ و … هتد، بە چاپەکی زەر جوان، گەیشتنە ئەدرەسەکەی من و نەمدەزانی لە کوێیان دابنێم. لە شاری پەروجاش جگە لە کۆتایی زمان، ماوەیەک، من خەریکی کارکردن بووم، دوای قوناغی زمان لە شاری پەروجا ڕوومکردە شاری پیزە، لەڕە بە ماوەیەک وەک دەم هەر شاوە لە شوێنەک بووم، کوردی تیا نەبوو.
لە پیزە بارودۆخم بەرەو باشی چوو، لە شارچکەیەک، بە ناوی کالچی Calci کە ١٢ کم دوور لە شار پیزە خانوەکم بۆکرێگرت، لە ماوەیەکی کەم هەموویان منیان دەناسی و ئەمنیش زۆربەیانم دەناسی، و ئۆوکات لە ئیتالیا بێگانە و کەچبەر نەبوو. لەڕە لە لایەک خەریکی زانکۆ، کار کردن بە بژێوی ژیان و لە لایەکیش سەرپەرشتیکردنی "یەکێتی لاوانی شۆشگەی" بووم. زوو زوو سەردانی ئەو شارانەم دەکرد کە کوردی تیا بوو، ئۆوکات کوردی هەموو پارچەکان هەر ٢٠٠ کەس دەبووین.



((لەگەل بەڕێز جەواد مۆلا، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی ولات لە ڕەما – ئیتالیا، لە 15 تا 18 تەموزی 1996))
گەڤاڵەکمان بە ناوی "دووەیانی شۆشگەی" بلاوکردەوە، لە کۆتایی ١٩٨٢ سەلاحی هاوڕێ و مامۆستای دێرینم بە ناچاری ئیتالیای بەرەو سوید جێهێشت و بە تەنیا مامەوە. لەبەر ئەوە لەگەل هاوڕێکانیتر

بەیارماندا، لە ساڵی ١٩٨٣، بەبێ بڕیاندرکردن، چالاکیکانی "یەکێتی لاوانی شۆشگێڕی کوردستان" رابگرین. ئەو بوو هەموومان چوینە ناوی یەکێتی خویندکارانی کوردستان لە دژەوەی ولات – ئاکسا AKSA ی سەر بە یەکێتی نیشتمانی و تەنانەت ناو کۆمیتەی ینک – ئیتالیا. لەو کاتەوە هەموو چالاکیە مەیدانیکان بە ناوی (ئاکسا) ئەنجام دەدران، زۆر بە کەمی بە ناوی یەکێتی، هەموو یەکێتیکان لە ئاکسا بوون بەڵام هەموو ئاکساکان یەکێتی نەبوون.
لە نیسانی 1982 هەندێ لە هاوڕێکانمان لە زانکۆی پادوڤا، لە لایەن تاڵەبانی بەعسیە عیراقی و عەرەبەکان، گەفیان لێکرا بوو و لە 2-3 کەسیش درابوو. ئێمە "بەسە"مان داناوە، بە کورتی زۆر زۆرمان لێدان و بە قسەی ڕۆژنامەکان 4 دانیان بە ئێمبولانس بە تەواری چوون. بەڵام ئێمە هەر دەست و برد رامانکرد و پشوختە بەیارماندابوو بەرەو وەستگەی قیتار بەین و لەرەش بەرەو شاری ڤینیسیا برین، ئۆوکات زیاد لە 30 خوێندکاری کورد لەرە دەیانخوێند. من بە خەم هیچ شارەزای شاری پادوڤا نەبووم.
ئەم لێدان و دەستوشاندنە بووە هۆی ئەوەی لە چێشتخانەی زانکۆی شاری تارینە و فەرانس، کە بەشداربووم، دووبارە ببێتەوە و بەعسیەکان بەیەکجاری چاو ترسا بوون و هیچ جۆرە چالاکی و بیان دژکردنیان نەما و قەیسەریان لە بووبوونە کونە مشک.
ئەو چالاکیانە وایکردبوو کە من و هاوڕێ کوردەکان بکەوینە ژێر چاودێری پۆلیس، من دەنیام جگە لە سەفارەتی عێراق سەفارەتی تورکیاش زۆر فشاری خستبووە سەر حکومەتی ئیتالیا تا چالاکیکانمان قەدەغە بکرێن. لەبەر ئەم هەیانە پۆلیسی نهێنی ئیتالی ڕاپۆرتی نەگەتیڤی لەسەر داواکاری من بە پەدانی جنسیەی ئیتالی نووسیبوو. بە هەرحال ئەوەبوو، لەسەر داواکاری و فەرمانی وەزیری ناوخۆی ئۆوکات، لە نیسانی 1997 جنسیەی ئیتالیم وەرگرت.

پ 0. ئیتالییەکان بە گشتی و ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکانی ئیتالیا چەند بە کورد و مەژوو و کێشەکەی ئاشنان؟

و: تا شۆڕشی کۆیت و ڕاپەڕینی ١٩٩١ دژی کورد، بە گشتی، لە هەموو ئەوروپا زۆر بە کەمی ناسرابوو، لە ئیتالیا لەبەر ئەوەی مافی پەناهەندەیی و سەسیال نەبوو لەبەر ئەوە پێش ١٩٨٠ بە دەگمەن کود رووی لە ئیتالیا دەکرد، بە پێی بە دواداچوونەکانی من پێش ئەو بەروارە، ئەوپەڕی، ٢٠ کورد لە ئیتالیا وجودی هەبووە وەک پۆیستیش ڕەکخراو نەبوون. لەبەر ئەوە لە ناوەندە ئەکادیمی و سیاسیەکان و بواری میدیایی کورد نەناسراو بوو.

بە هاتنی یەکەم لێشاوی کورد لە سالانی ١٩٧٩ – ١٩٨٢ بۆ نیازی خوێندن، لە گەل هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئیران لە سێپتەمبەری ١٩٨٠ نزیکەی ١٥٠ خوێندکاری کوردی باشور و ژمارەیەکی بچووکیش لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بۆ نیازی خوێندن، رووبان لە ئیتالیا کرد.
سەرەڕای هەول و ماندووبوونی ئەو خوێندکارە کوردانە بۆ ناساندنی دۆزی گەل و نیشتمانەکەیان تا راپەڕین و کۆتایی ١٩٩١ زۆر بە کەمی باسی کوردکراوە. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ئەوە دەبینین ئیتالیەکان رۆلێکی بالایان هەبوو لە ناساندنی کوردو زمان و مێژووەکەی. بۆ نمونە یەکەم رۆژنامە و قاموسی کوردی – ئیتالی لە سالی ١٧٨٧ لە لایەن قەشەیەکی ئیتالی بە ناوی مۆریتسیۆ گەرسانی Maurizio Garzoni نووسراوەو چاپکراوە، لە سالی 2015 لە فێستیڤالی بەدرخان لە ئیتالیا جارێکیتر ئەو فەرهەنگە چاپکرایەوەو من پێشکێشکەم لە ئیتالی کردۆتە کوردی و، سەرپەرشتی فیستیڤالەکەم کرد. لە سالی 1818 قەشەیەکیتر، بە ناوی جۆزێپێ کەمپانیلە Giuseppe Campanile، کتێبێکی بە ناوی "مێژووی هەرەمی کوردستان و ئاینزاکانی" بە چاپ گەیاندووە. ئەم قەشەیە بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بە تایبەتی میرنشینی بابان، گەڕاوە، بۆرای من، زانیاری و دەنگو باسی گرنگی بەمان تەمار کردووەو هیوادارم لە ماوەی ئەمسال وەرگێرانەکە، بە سەر زمانی کوردی، تەواو بکەم.
نابە ئەوەشمان لەبیر بچێ کە مارکۆ پۆلۆ Marco Polo ، لە کتێبەکەی، بە ناوی "ملیۆنەک" لە سەدەی 14 زا باسی "کوردستان" دەکات.
زۆر بازرگان و گەریدەو کەسایەتی ئایینی ئیتالی لە سەدەکانی ١٢ تا ١٩ زا کە رێیان کەوتۆتە کوردستان لە نووسین و یاداشتەکانیان باسی کوردستانیان کردووە و، پێویستە ئەم سەرمایە مێژووییە کەبکرێنەوەو بکرێنە کوردی و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ.
لە سەدەی بیستەم وەک پێویست ناوێندە ئەکادیمی و سیاسیەکان گرنگیان بە کورد و دۆزەکەی نەداوە، هەرچەندە شەریف پاشای خێزان لە دوای پەیمانی لۆزان رووبەکاتە ئیتالیا و هەر لەوێش، لە سالی ١٩٥١، دەمرێ. بە داخەوە، بە پێی زانیاریەکانی من، تۆژینەوەو بەدو داچوون،سەبارەت بە ژیان و چالاکیەکانی ئەو کەسایەتیە لە ئیتالیا نەکراوە.
گەل جولانەوەو شەڕشی ئەیلول ناوە ناوە رۆژنامەکان وتاریان لەسەر ئەم راپەرینە بلاوکردۆتەوە، بە پێی بەڵگەکانی بەردەستی من فرانز ماریا دۆزارۆ (١٩٢٥ – ٢٠٠٤) Franz Maria D'Asaro، لە دوای ١٤ تەموزی ١٩٥٨ دەگەڵ هێزەکانی عێراق و تا ئاشبەتاڵیکەی ١٩٧٥ بە بەردەوامی وتاری لەسەر کورد و سەرکردەکەی، مەلا مستەفا بارزانی،

نووسیەوە و لە ١٩٧٦ کتێبێک لەسەر "مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول" بلاو دەکاتەوە.
لە سالی ١٩٦٣ ئافرەتێکی بەناوبانگی ئیتالیا و ئەوروپا، جۆیس لوسو Joyce Lussu (١٩١٢ – ١٩٩٨)، بە مەبەستی ئاشنا بوون لەگەل بزوتنەوەی کورد روو دەکاتە عێراق، دەچێتە ناوچەکانی ژێردەستی شۆڕش و بۆ ماوەک لەناو هێزی پێشمەرگە، بە میوانی لای مام جەلال و مەلا مستەفا، دەمێنێتەوە، کە دەگەڕێتەوە ئیتالیا کەمەلێک وتار بلاو دەکاتەوە،
پڕۆفیسەر میرێللا گەللەتی Mirella Galletti (١٩٤٩ – ٢٠١٢)، بە پێی زانیارییەکانی من، یەکەم کەس بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاری لەسەر دەزی کردووە، بە ماوەی زیاتر لە ٤٠ سال خزمەتی مێژوو، زمان و کولتوری کوردی کردووە، نزیکەی ١٠ کتێب و دەیان توێژینەوەو سەدان وتاری جۆر بەجۆری لەسەر کورد و کوردستان نووسیووە کەچی بە داخەوە دوای مردنی لە باشور قوتابخانەیەکی بەناو نەکراوە. پەمخۆشە ناوی خاتوون لاورا شرادەر Laura Schrader (١٩٣٨ –) بهێنم، ئەم خاتوونە رۆژنامەنوس و مێژوونووسە وەک پڕۆفیسەر گەللەتی دەیان کتێبی لەسەر دەزی کورد نووسیووە و زیاد لە نیو سەدەی خزمەتی کوردو کوردستان دەکات، لە کۆتایی ئەمسال، ٢٠٢٣> کتێبکی بەناوی "بەرخەدان" بە چاپ گەیاندوە.
لە دوای راپەڕینی ١٩٩١، هاتنی عەبدولا ئۆجالان بۆ ئیتالیا لە نۆڤەمبەری ١٩٩٨، کەوتنی رژێمی سەدام حوسین لە ٢٠٠٣ و سەر هەلدانی داعش رۆژ بە رۆژ مەسەلەی کورد لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئەکادیمی و رای گشتی بەرەو پێشەوە دەچێت. لە هەندەک لە زانکەکان کەرسی زمان و دەزی کورد، بە ماوەی ١ – ٢ سال کراونەتەوە، بە پێ زانیارییەکانی بەردەستی من زیاتر لە سەدان تێزی زانکۆ و ماستەر و دکتۆرا لەسەر کورد و کوردستان کراون، ئیستا نزیکەی ١٠٠ کتێب، بە زمانی ئیتالی دەست دەکەن و زۆربەشیان لە لایەن ئیتالیەکان نووسراون و ئەوانیتریش لە زمانەکانیتر کراونەتە ئیتالی، ئەستا هەندێ ئەکادیمیستی لاوی ئیتالی پەیدابوون و فێری زمانی کوردی، بە تایبەتی شێوەزاری کرمانجی، بوون و دەستیان بە وەرگێران لە کوردی بە ئیتالی کردووە.
بە کورتی و بە کوردی لە ئیتالیا زەمینەیەکی باشی پەرەپێدانی دیراساتی کوردی، لە ئارادایە و پێویستە دامەزراوە کوردیەکان، بە تایبەت هی باشور، سود لەم دەرفەتە وەربگرن و پەرە بە پەیوەندیە ئەکادیمیەکان بدەن. ئەستا بە بەردەوامی، رۆژ بە رۆژ، هەوال و زانیاریەکانی کوردستان دەگەونە ئیتالیا و بە زمانی ئیتالیش بلاو دەکرێنەوە، هەفتە نیە لە شارێکی ئیتالیا کۆ و سەمینار لە سەر

دەزی کورد، بە تایبەتی هی باکور و رۆژاڤا، نەگیرە. بەلام بە داخەوە ئەو هەموو چالاکیانە، وەک پێویست، بە بەرنامە و پڕۆژەیەکی یەکگرتووی ئەنجام نادرێن.

پ٦: چەند لەکێبنەوە و کتێبتان بە زمانی ئیتالی نوسیوە لە سەر کورد و کێشە هەواکەی و لە چ ساڵێکدا؟ ناوەکانیان چین؟

و: من و هاوڕێ کوردەکان کە گەیشتینە ئیتالیا کێشەی گەورەمان بریتی بوو لە نەبوونی قاموس و کتیبی ڕەزمان نێک هەر بە زمانی کوردی تەنانەت، ئەوکات، بە زمانی عەرەبیش نەبوو، لە بەر ئەوە ئاسان نەبوو بتوانی بە باشی فێری ئەو زمانە بیت، بە تایبەتی بە نووسین و بڕشووەیەکی ئەکادیمی. سەرەڕای ئەوەش هەولمدا ناوە ناوە، لە شارەکەی خۆم، پیزە، کورتە وتار بە بلاوکراوەکانی زانکۆ ڕۆژنامەکانی محەلی بنووسم. لە بەهاری ١٩٨٩ نامیلکەیەکم، بە زمانی ئیتالی نووسی و ئەوش یەکەمجار بوو نامیلکەیەک بەو ژمارە زۆرە بلاوبکرێتەوە. بە کورتی ئەم نامیلکە و کتێبانەم بە زمانی ئیتالی نووسیووەو چاپکراون:

I Kurdi: in popolo in cerca di solidarietà, Pisa, 1989; 2° ▯ .ed. Treviso (Movimento per la dignità- umana), 1991, pp. 27

کوردەکان: گەلێک بە دوای هاوکاری دەگەڕێن،

Il genocidio die Kurdi è un affare interno?, in “Pace, ▯ diritti dell’uomo, diritti dei popoli”, n. 3/1990, pp. 125-131، جینۆسایدی کورد کێشەیەکی ناوخۆیی نیە

Le radici del problema kurdo, Pisa, Pacini editore, 1991, ▯ pp. 63 ، ڕەگەکانی کێشەی کورد

Il rispetto dei diritti umani nella costituzione turca: il ▯ caso dei kurdi (Tipografia della Provincia di Pisa), 1993, pp. 25 ، ڕەزگرتنی مافی مرۆڤ لە دەستوری تورکیا، حالەتی کوردەکان

Parlamento Europeo e la questione kurda, in “Pace, diritti ▯ , dell’uomo, diritti dei popoli”, n. 1/1994, pp. 117-143 پەرلەمانی ئەوروپا و دەزی کورد (دەقی بڕیارەکانی پەرلەمانی ئەوروپی، سەبارەت بە دەزی کورد، لە سالی 1978 تا 1993)،

Kurdi: il dramma di un popolo e la comunità internazionali, ▯ Pisa, BFS, 1994, pp. 350

▯ مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سلێمانی، سەنتەری لەکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠٠٢، سلێمانی، لل ٥١٢

Diritti e condizioni dei bambini kurdi in Turchia ▯ (Tipografia della Provincia di Pisa), 1994, pp. 22

 ماف و بارودخی منالانی کورد لە تورکیا، پیزە، ١٩٩٤
Turchia: tortura e trattamenti inumani e degradanti
(Tipografia della Provincia di Pisa), 1994, pp. 30 ، تورکیـــا: ئەشکەنجە و رەفتارە نامرۆییەکان
Kurdistan: uno sviluppo bloccato dalla guerra e dalla
repressione etnica (Tipografia della Provincia di Pisa), 1994, pp. 23 ، کوردستان: جەنگ و سەرکوتکاری پەشکەوتنیان راگرتووە.
Il problema del popolo kurdo e il diritto
all’autodeterminazione, (Tipografia della Provincia di Pisa), 1994, pp. 25 ، کێشەی گەلی کورد و مافی چارەی خنووسین
L’ingerenza umanitaria: profilo storico- giuridico, il caso
.dei kurdi, Pisa, BFS, pp. 110
 دۆخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان، هەولێر، 2004، دەزگای ئاراس، لل 150
Immigrati nella Provincia di Pisa: diritti e problematiche
concernenti l’integrazione socio-culturale e prospettive (la ricerca e stata sponsorizzata dalla Provincia di Pisa), 1997, .pp. 120
 کوچبەران لە پارێزگای پیزە – ئیتالیا،
Kurdistan: una terra antica in cerca di libertà ed il ruolo
della comunità internazionale per una soluzione politica, in (Federalismo & Libertà), Bologna, ed. il Fenicottero, n. .1/1998, pp. 190-203; n. 2/1998, pp. 151-192
 کوردستان: نیشتمانێکی دەرین بە دوای ئازادی و رەلی کەمەلگای نەودەولەتی بە چارەسەرکی بە ئاشتیانە. بە دوو بەش، بە 55 لاپەڕە، بلاوکراوەتەوە
La questione kurda, in Lo STRANIERO, n 7- 1999, pp. 143 –
157، دەزی کورد
I curdi nel caos iracheno, in La crisi irachena, cause ed
effetti di una storia che non insegna, a cura Osservatorio .Iraq, 2014, Roma، کوردەکان لە گۆڕاوی عێراق
Kurdistan dal 1920 ad oggi: Le Istituzioni e Partiti
politici. In La questione Kurda: un popolo e una storia, .pubblicazione della Regione Emilia – Romagna, ottobre 2018
 کوردستان لە سالی ١٩٢٠ تا ئێستا: دەمەزراوەو پارتە سیاسیەکان
 لەسالی ١٩٨٧ کتێبی “میرەللا گەلەتی، کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیا لە سەدەی ١٣ – ١٩ زا) لە ئییالی کردەتە

کوردی و لە ستۆکهۆلم،لە بنکەی هەنگاو، بلاوکراوەتەوە.
لە کەمالە وتار و بابەتی هەمەجۆر لە سایتی کوردستانپۆست بلاوکردەتەوە، بە دیتن و خوێندنەوە بۆ سەر ئەم لینکە :
https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&authorid=2412

پ۷: گرنگترین ئەو کار و چالاکییانەی لە ئەوروپا بە گشتی و ئیتالیا بە تایبەتی ئەنجامتان داوە یان بەشداری کاراتان تێدا هەبووە چین؟
و: لە راستی هەموو خوێندن و توێژینەوەکانم لە ئیتالیا ئەنجامداوە، پێش وەرگرتنی جنسیەی ئیتالی لە بەهاری ۱۹۹۷ بە من زۆر زەحمەتبوو، بۆ ئیقامەی هەمبوو، ڤیزەی ولاتانی تری ئەوروپی بەدەست بێنم. لە ئیتالیا لە دیسەمبەری ۱۹۸۲، بە یەکەمجار، بەشداریم لە کۆیەک کرد لە زانکۆ، بە بەشداری ۲ پرۆفیسەری بەناوبانگی ئیتالی لەسەر دۆز و خەباتی گەلانی چۆوساوە، ئەوەبوو بە من دەرگایەکی گەورە کرایەوە، لەو کاتەوە تا کۆتنی رژێمی سەدام حوسێن بە بەردەوامی، لە زۆربەی شار و زانکۆکانی ئیتالیا، بەشداری کۆنفرانسی جەماوەری و تیڤی کردووە. بە دەیان پێشنیار و پرۆژەم لەسەر دۆزی کورد پێشکەشی پەرلەمانی ئیتالیا، ۲۰ پەرلەمانی هەرەمەکان و زۆربەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئیتالیا کردووە. بە تەنهاش چاوم بە ژمارەیەکی زۆر ئەندام پەرلەمان و سەناتەر، رۆژنامەنوس، سکرتێر و کەسایەتی حیزبە سیاسی و کولتوریەکان کۆتووە. لە سالی ۱۹۸۷ نامە و راپۆرتکم بە قەداسەتی پاپای ئۆکات رەوانە کرد و وەلامی دایەوە کە "قەداسەتی پاپا دوعا و نزای خێر بە گەلەکەت دەکات و …هتد" . بەشداری دەیان کۆنفرانسی جۆراوجۆرم کردووە کە کەم و زۆر پەیوەندی بە مافی مرۆڤ و مافی گەلان هەبووە. لە ئازاری ۲۰۲۱، پێش سەردانی قەداستی پاپا فەانسیسکۆ بە کوردستان راپۆرت و دەسیەیکی تێرو تەسەلم لەسەر بەرتەسکبوونەوەی ئازادی رادەربڕین و زیندانیانی بادینان، بە ناوەکان، بە ڤاتیکان رەوانەکرد و پاپا و ڤاتیکان زۆر باش ئاگاداری بارودۆخی مافی مرۆڤن لە هەریمی کوردستان.
لەم شارەی لێی دەژیم، لە سالی ۱۹۸۲، هەر چەندە تەنها من کورد بووم، چالاکیەکی زۆر لەسەر کورد ئەنجامدراوە، چەند جار ئاهەنگی نەورۆز ئامادەکراوە، لە سالی ۱۹۸۷ بە ماوەی ۱۰ رۆژ پێشانگەیەکی گەورەو دەوەمەند لەسەر دۆز و کولتوری کورد، لە بەناوبانگترین بالەخانەی شارەکە و چەند مۆزگرتیەک، بە بەشداری رەوانشاد د. کەمال فواد، بەسترا، لە کۆتایی لە هەلی وەرزش، کە جگەی ۵ هەزار کەس دەبووەوە، بە ئاهەنگی مۆسیقا و هەلپەرکێی کوردی کۆتایی هات.

لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە سەرکی زانکۆ و دیان پرۆفیسەر نامیکی ناڕازیان بە سەرکۆماری، سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئیتالیا و سکرتێری نێتەوە یەکگرتوەکان ڕەوانە کرد و داوای ئیدانەکردنی ئەو کەمەلکوژیەیان کرد و لە زەر ڕژنامەکانی ولات بلاوبووەو.



(هەندێک لەو کتێب و بڵاوکراوانەی کە د. جاسم بە زمانی ئیتالی لەسەر کێشەی کورد نوسیونی)

لە نۆڤەمبەری ۱۹۸۹ لەسەر پێشنیار و ئامادەکردنی من پرۆژەیەک بە واژەی ۵۰ ئەندام پەرلەمان ئاراستەی سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە کرا. چەند جاریک شاندی خوێندکاران و ڕەوەندی کوردی لە لایەن سەرکی فراکسیۆن و سەرکی پەرلەمان پێشوازیان لێکراوە. من بە خۆم، تا کاتێ ڕژمی بەعس، لەگەل ۵ سەرۆک وەزیران، ٤ وەزیری دەرەوە و۳ بریکاری وەزیری دەرەوە گفتوگۆم کردووە.

لە نەورۆزی ۱۹۹۰ کۆنفرانسێکی گەورەمان، بە ئامادەبوونی دیان ئەندام پەرلەمان، پرۆفیسەری زانکۆ، ڕژنامەنوس و کەسایەتی کولتوری ئیتالیا و دیان کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد کە لە دیان ولاتی ئەوروپی هاتبوون، لە پەرلەمانی هەرێمی تەسکانا، لە شاری فلۆرانس بە ماوەی ۳ ڕۆژ بەست. بە ئەوکات و بە ئەمەی کورد سەرکەوتنێکی هێجگار گەورە بوو. لەگەل داگیرکردنی کوێت پرۆژەیەکی

١٠ لاپەەییم بە زمانی ئیتالی نووسی و ڕەوانەی سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دەرەوە، سەرکایەتی و فراکسیۆنکانی پەرلەمان و سەناتی ئیتالی، بە کوررتی بە ٧٠٠ لایان و کەسایەتی ئیتالی، ڕەوانەکرد. پرۆژەکە بە ناوی یەکێتی نیشتمانی و بە واژەی من و کاک نەجات فەخری نووسراوە، بە مژوو دەلەم، بە ئاگاداری من، لە هیچ ولاتێکیتری ئەوروپی پۆژەی ئەوهـا، لە لایەن ڕێکخستن و چالاکوانانی یەکێتی، نە نووسراوە و، هەر بە هەول و پرۆژەی ئەمە لە ئەیلولی ١٩٩٠ پەرلەمانی ئیتالی بەیاری ئیلزامی پەسەندکرد تاکو حکومەت شاندێکی سەرکردایەتی بەڕێی کوردستانی داوەتبکات و گوێ لە داخوازی و بۆچوونەکانیان بگرێت.
لە دوای ڕاپەڕین هەولماندا ئۆفیسێک لە شاری ڕەما، بە ناوی بەڕێی کوردستانی، بکەینەوە و کردیشمانەوو بەلام بە داخەوە کەس، لە ناوەوە، گرنگی پێ نەدا و بە ناچاری دامانخست و لە وتارێک باسمکردووە.
لە سالی ١٩٩٠ – ١٩٩٤، وەک ڕەوەندی کورد لە ئیتالیا، ئەوکات بە زەری هی باشور بووین، "گۆڤاری هەتاو" مان بە زمانی ئیتالی دەرکرد و بابەتی زەر باش و ئەکادیمی تیا بلاوکرایەوە، بە ڕای خۆم یەکێک لە باشترین ئەو گۆڤارانەبوو کە لە دەرەوە بە زمانێکی ئەوروپی چاپکرابێ.





پ ٧: چەند کتێب و لێکۆڵینەوەتان وەرگێڕاوە بە کوردی و چەندیان بڵاوکراونەتەوە؟

و: لە ڕاستی من، وەک زەربەی هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم، عاشقی کتێب و خوێندنەوەم بووم، لەبەر ئەوە لە سالی یەکەمی زانکۆ، لە ١٩٨٢، هەر کتێبێکم بە ئیتالی دەخوێندووە یەکسەر حەزم دەکرد بیکەمە کوردی، بە پێگرام دەستم بە وەرگێڕانی ژمارەیەک کتێب، لە بوارە جیاوازەکان، کرد بەلام گرفتی بژێوی ژیان و خوێندنی زانکۆ و چالاکیە کوردستانیەکان ڕێگەیان لێگرتم و خەشم قەناعەتم بەوە هەنا کە

مەسەلەی تەرجەمەکردن بۆ قەناغێکیتر دابنیم.
لە سالی ١٩٨٧ نامیلکەیەکم لە ئیتالی، بە ناوی "کورد و کوردستان لە نووسراوە ئیتالیەکان لە سەدەی ١٣ – ١٩ زا"، لە نووسینی پرۆفیسەر میرەللا گەلاڵتی، کردە کوردی و لە هەمان سال لە ستۆکهۆلم چاپکرا. پاشان کەمە وتاری ئیتالیم کردە کوردی بەڵام کە دەستمکرد بە نووسینی تێزی زانکۆکات و توانام بۆ ئەوە تەرخانکرد کە پاش تەواو بوون، وەک کتێبیکی ٣٥٠ لاپەڕە بۆ زمانی ئیتالی چاپکرا. هەمان شت کە دەستم بە خوێندنی ٢ دکتۆرا کرد و بەوانە خەریک بووم و کاری تەرجەمەم واز لە هێنا. سالی پار، ٢٠٢٢ کتێبێکم بە ناوی "مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول"، لە نووسینی ڕۆژنامەنووسکی ئیتالی کە لە سالی ١٩٧٦ چاپکراوە و یەکەم کتێبی ئیتالیە لەسەر کورد، بە سەر زمانی کوردی وەرگێڕا و بە شێوەی پی دی ئەف بە ٤٥٠ لاپەڕە بلاوکردەوە. ئێستاش کتێبێکم لەبەر دەستە کە سالی ١٨١٨ لە ئیتالیا چاپکراوەو هیوادارم ئەمسال تەواوی بکەم. لە راستی من تاکو ئێستا نەمتوانیووە نیوەی کتێب و نووسینەکانی خەم کە بە ئیتالی نووسیوومن بکەمە کوردی و لە هەولی بردەوامم کە ناوە ناوە بیانکەمە کوردی.

پ ٨. هەکار چییە بەڕێزت سەرەڕای ئەو هەموو کار و ماندووبوونە، زۆر کەم ناسراوی، یان بەرهەمەکانت بە کوردی بڵاونەکراونەتەوە؟
و: لە راستی من بە ناو و پێست ئەم کارانەم ئەنجام نەداوەو نایدەم، ئەوەی خەم حەزم پێیکردووەو قەناعەتم پێی هەبوو کە لە خزمەتی کورد و کوردستانە کردووەم، منەت بەسەر کەس ناکەم و ئەو قسە و زانیارییانەی ئەم چاوپێکەوتنە تەنها بۆ بۆ ئەرشیفکردن و پاراستنی چالاکی و دکۆمێنتکانی خوێندکارانی کورد و ڕوندی کوردستانیە لە ئیتالیا کە لە نزیکەوە ئاگاداریم هەیە.
سەبارەت بە ناسین، لەوانەیە پەیوەندی بەوەو هەبێت کە من زوو بە زوو دانوم لەگەل یەکێتی و پارتی نەکۆڵا و نەبووم بە لایەنگر، وەک دڵسۆزێکی قەڵەمەکەم نەخستە خزمەتی ئەوان. با شتێکت بۆ باس بکەم، لە سالی ١٩٩٨ لەسەر پێشنیارو پێداگری من د. عیسام داود، خەڵکی کەرکوک لە سالی ١٩٧١ لە ئیتالیا دەژی، چالاکوانێکی زۆر دەسزی کورد و یەکێتی بوو، لەسەر لیستی "سەوزەکانی ئیتالیا" بۆ پەرلەمانی ئەوروپی کاندید بوو، چاوپێکەوتنکی دوور و درێژم، بۆ کوردی، لەگەل کرد و بۆ کوردستانی نوێ ڕەوانەکرد و بۆ تەلیفزیۆنیش قسەم لەگەلیانکرد، ئەوکات من بەرپرسی کۆمیتەی ئیتالیا بووم، کەچی بلاویان نەکردەوە. پاشان پەیوەندیم بە خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی کرد و بە خۆشحالی لە برایەتی، هی پارتی، بلاویکردەوە.

من لە سالی ١٩٩٧ کاندید بووم بۆ هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای شاری پیزە، ئەوە یەکەمجار بوو کوردێک بەشداری هەلبژاردن بکات و سەرکەوتنەکی گەورەشم بەدەست هێنا و لیستەکەمان بردیەوە، ئەو هەوالەم بۆ هیچ لایەک ڕەوانە نەکرد.
من بۆ بەلگە هیچ شتێک نانووسم و بۆ ناو و ئەدرەسی خەم بلاویان دەکەمەوە. تاکو ئێستاش نەمزانیووە و نەمبیستووە کەسێک یان نووسەرێکی ئەکادیمی بڕپەچ یا ڕەخنەی لە نووسینەکانم گرتبێ، هەلبەتە ناوە ناوە کەسیک، کەیلەیەک، بۆ خۆ بردنە پێش بۆ ناوی خوازراو بۆ ناڕەوا پەلامارم دەدا، زەرجار وەلام نادەمەوە. ئەگەر باسی ئیتالیا بکەم، ئەوە بۆبی زیادەڕەوی، تا کۆتنی ڕژێمی سەدام حوسین لە ٢٠٠٣ لەوانەیە لە ناوەندەکانی توێژینەوەو ئەکادیمیە ئیتالیەکان، مەکتەبی سیاسی حیزبەکان، فەاکسیۆنەکانی پەڕلەمان، سەندیکا سەرکیەکان، ئەمنستی ئینتەرناشنال – ئیتالیا، ڕۆژ نامەنوسەکان، زانکۆ و.. هتد زەر ناسراوبووم بۆ رادیەک کە ئەواران دەگەڕامەوە مالەوە تەلیفۆنی نەمالم دەردەهێنا تا وەلام نەدەمەوە، نە کات و نە وزەم هەبوو ئەو هەموو وەلامە بدەمەوە و بەشداری کۆڕ و سەمینار بکەم. لە سالی شوباتی ٢٠١١ وتاریکی درێژم لەسەر "کام خەلاتی ناتۆ بە سەرکی هەرێم مەسعود بارزانی" بە زمانەکی ئەکادیمی نووسی و ڕاستییەکانم ئاشکرا کرد، کە ئەو خەڵاتە بە پارە ڕەکخراوە و دروستکراوە. زەربەی شوێنەکان بەاویان نەکردەوە، پاشان لە "کوردستانپەست" بلاوکرایەوەو دەنگ و سەدایەکی زەری دایەوەو خودی گەڤاری لڤین چەندەها جار پەیوەندیان پێوەکردم.
من بۆ بەلگە هیچ شتێک نانووسم و بۆ ناو و ئەدرەسی خەم بلاویان دەکەمەوە. تاکو ئێستاش نەمزانیووە و نەمبیستووە کەسێک یان نووسەرێکی ئەکادیمی بڕپەچ یا ڕەخنەی لە نووسینەکانم گرتبێ.
لە سالی ١٩٩٤ مام جەلال هاتۆ ئیتالیا و وەک کۆمیتەی ئیتالیا بردمانە لای سەرەک کۆمارو چەند وەزیرێک، لە دوای کۆتنی رژێمی سەدام حوسین، لە تەموزی ٢٠٠٣ جاریکیتر گەڕایەوە ئیتالیا و داوای لە هەموو برادەرانی کۆمیتەی یەکێتی لە یتالیا کرد بگەڕێنەوە وولات و گوتی کوردستان پێویستی بە هەمووتانەوە هەیە. لەگەل من زیاتر قسەیکرد و داوای سیفی لێکردم، منیش هەر ئەوکات لە هەتلەکە سیفیەکم بۆ کوردی و عەربی و ئینگلیزی چاپکرد و دامە دەستی. پآشان لە دیسەمبەری هەمان سال گەڕامەوە کوردستان و ماوەیەکی زەر لە سلێمانی مامەوە بەلام کەس بەکەس نەبوو، ناچار گەڕامەوە ئیتالیا.



١٨ تەموزی ٢٠٠٣، مام جەلال، د. جاسم خشناو و لەنجە میرانی هاوسەری، ڕۆما – ئیتالیا، هۆتێل هیلتۆن

پ ٩. دیپلۆماسیەتی کوردی بە گشتی و نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە وڵاتانی ئەوروپا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

بە بۆ پۆلیمیک و شتی ئایدیۆلۆژی کە باوی نەماوە کورد پێژەی دیبلۆماسی درۆژ و کورت خایەنی نەبووە و نیە، راستە لەگەڵ دەرچوونی "ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨" چالاکوانی دەزی کوردمان، لە دەرەوەی کوردستان، هەبووە هەیە، ئەوانیش خزمەتکی گەورەیان بە زمان و کولتور و دەزی کورد کردووە، دەتوانین ئەوانە بە دیبلۆماتکاری چالاکی کورد لە قەڵەم بدەین. ئەو کەس و کەسایەتیانە وزەیەکەی زۆریان خستە گەر و ئەو بڕەمەیان نەچنیوە و کە دەیانخواست. بە نموونە لە پەیمانی ئاشتی پاریس لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم شەریف پاشای خاندان، کە لە سلکی دیبلۆماسی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی کاری کردبوو و زمانە سەرکیەکانی ئەوروپیشی دەزانی، هەوڵدەدات زلهێزەکان ڕازیبکات کیانێک بە کورد مسۆگەر بکەن، کەچی دەبینین لەبەر ئەوەی کورد وشیاری و ڕەکخستنکی نەتەوەیی پتەوی نەبوو هەر زوو بە زوو ڕووبەڕووی ناڕەزایی کوردەکان بووەوە وایلهات سەری خی هەلگرێ و ڕوو دەکاتە ئیتالیا و هەتا ڕۆژی مردنی، ١٩٥١، بەدەنگی هەلدەبژێرێ، هیوادارم بیرەوەریەکانی خی نووسیبێتەوە. لەبەر ئەوەی هەوڵەکانی تاکە کەسی بووە و لەبەر ئەوە نە سەرکەوتنی بەدەست هەنا و نە بیرەوەریەکانی دیارن و، بە بەکەسی و لە دوورە ولات، لە ئیتالیا، کەچی دوایی کرد و تا ئێستا گۆ و مەزارەکەی وونە. لە ڕاستی دەبی وینەی کەلەی قەبرەکەی ئیتالیام هەبە و لەناو ئەشیقەکەم پارستووم.

دەتوانین ئاماژە بەدامەزراندنی پارتی "خۆیبوون لە ١٩٢٧"، شەشە ئامارات، هەوڵەکانی میر جەلادەت بەدرخان و دەرکردنی گۆڤاری هاوار لە ١٩٣٢، حیزبی هیوا لە ١٩٣٩، کەماری کوردستان – مەهاباد لە ١٩٤٥ – ١٩٤٦، دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەشی ئەیلول لە

١٩٦١ – ١٩٧٥ و دروستبوونی پەڵەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢ تاکو ئێستا شتێک نیە بەناوی دیبلۆماسیەتی کوردستانی
لە بەر ئەوە ئەوەی بەناوی دیبلۆماسی کوردستانی هەیە، تاکو ئێستا، ئەوە بەرهەمی تاکە کەساکان، بە بە بوونی پەڕە وپڕۆگرامێکی دیاریکراو و بەیار لەسەر دراو، هاتۆتە بەرهەم. ئەوتە لۆگۆل درستبوونی "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە سالی ١٩٥٦" دەبینین کوردەکان، ئەوکات ژمارەیان زۆر زۆر کەم بوو، دەست بە جموجۆلی کولتوری و سیاسی دەکەن. لۆگۆل هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ئەو کۆمەڵەیە ڕۆڵەکی زۆر پۆزەتیف دەگێڕێ، بە تایبەتی لە فەڕەنسا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، نەمسا و سویسرا بەڵام پەڕە و جەدوەلی کارکردنیان نەبووە. ڕۆژ بە ڕۆژ کورد لە ئەوروپا، چی بە خویندن و چی بە کارکردن، ژمارەیان ڕوو لە زیادی دەکات. بە پێی هەندی زانیاری و داتا ئێستا ژمارەی کوردەکانی ئەوروپا خەی لە زیاد لە ملیۆنێک دەدات. بە داخەوە تاکو ئێستا وەک پێویست سوود لەو هەموو کوردە وەرنەگیراوە و کەکردنەوەشیان لەژێر چەترێک ئاسان نیە.
لە سالی ١٩٨٣ لە فەڕەنسا "ئۆنستیتوی کورد لە پاریس" دامەزرا و لە سەرەتاوە کوردی دیاسپۆرا هیوایەکی زۆری پێ هەبوو، هەرچەندە کاری ئەدەبی و کولتوری و سیاسی باشی کردووە بەڵام لە ئاستی خواست و هیواکان نەبووە.
بە دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکور لە سالی ١٩٧٨ و دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە ١٩٨٤ بە بەچوونی من تەکانێکیان بە "جولەی دیبلۆماسی"دا، لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان دەستیان بە دروستکردنی ڕێکخستن و سەندیکای کرێکاران و ژنان و لاوان کرد. ئەوە سەرەتایەکی بچووک بوو بە دروستکردن و پێگەیاندنی کادیری بواری دیبلۆماسی. پ.ک.ک. لە سالی ١٩٩٥ کۆنالی ئاسمانی "مێد تیڤ" دەکاتەوە، بەو هەنگاوەش، بە یەکەمجار، هاولاتیانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بە لەبەر چاوگرتنی ئاستەنگ و گرفتە دارایی و تەکنیکی و سیاسیەکان، توانیان هەندە لە هەوالەکان بە کوردی ببیستن و دەنگی کورد بگەیتە دەرەوە، بە تایبەتی وولاتانی ئەوروپا. بە ڕای من ئەوە خزمەتێکی گەورەی بە "ڕەوتی دیبلۆماسی کورد"ی کرد
پکک، پاشان، دەستی بە دروستکرنی "پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوە" کرد، ڕۆڵەکی باشی بینی لە چاوپێکەوتن و را گەیەنەوە لۆگۆل پەرلەمانی ولاتان، زۆرجار کەبوونەوەی سالانەی لە ناو پەرلەمانی وولاتانی ئەوروپا دەبەست. لە زۆربەی وولاتانیش مەکتەبێکی بەردەوامی بە ناوی "ئوفیسی ئینفۆرماسیۆنی کوردستان" کردەوە.
دیبلوماسی کورد، لە دوای ڕاخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە نیسانی ٢٠٠٣، دەکرا تەکانێکی گەورە بدات، لەم کاتەوە تاکو ئێستا وەزیری

دەرەوەی عێراق کوردێ، بێ سەدان سەفیر و قونسل کوردن، کورد لە پەرلەمانی بەغدا بە ٦٠ – ٨٠ ئەندام بەشدارێ، بەرپرسیارێتی چەندەها لیژنەیی پەرلەمانی دەکات، لە شاندێ پەرلەمانیەک بە دەرەوەی وولات بەشدارێ و بە ماوەی ١٠ – ١٤ ساڵ کورد ئێکتەری سەرەکی حکومەت و دیبلۆماسی عیراق بوو بێلام بێ داخەوە هیچی نەکرد یان زۆر زۆر کەم جولێ و دەستکەوتی هەبووە.
لە ٢٠٠٥ حکومەتی هەرێم لە زۆر وولاتانی ئەورووپی و ناوچەکە "مەکتەبی نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان" ی کردەتەوە بێلام بە داخەوە بە هەی عەقلی حیزبی و بنەماڵە بڕیوە چووەو دەچێ، نوێنەرەکان لە سەر ئاساسی دەسزی و گوێ رایەڵیان بە حیزب و بنەماڵە دەستنیشانکراون هیچ سوودیان نەبووە یان شایانی ئەوە نیە باس بکرێن.



ئایاری ١٩٩٤، شاری تەرینێ – ئیتالیا، لە راستەوە مام جەلال، د. جاسم خەشناو(کێنووسی کۆبوونەوەکە دەنوسێ)، د. عیسام داود، تاریق ((خەبات بزێنی، ... سەردار، ئازاد فەخرەدین. لە بەرامبەر دەرنەچوون: نەوشیروان مستەفا ئەمین، شازاد سائیب و سەلاح ڕەشید))
پ ١٠: پێشنیاز و ڕێنوێنیتان چییە بە نوێنەری حزبەکان و حکومەتی هەرێم و بەڕێوبەرایەتی ڕۆژئاڤا، تا لە ئەورووپا بە ڕێی گرنگی خۆیان هەستن؟ ئەو هەڵە گشتییانە چین کە دەبێت کاتێک نوێنەر و وەفدێکی کوردیی دێنە ئەورووپا پێوەی پابەند بن لە کاتی وتوێژ و دانیشتنەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی حزب و کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکانی وڵاتانی ئەورووپا؟

و: بارەخی کورد لە دەرەوە زۆر ئاڵۆز و پێ کێشمە کێشە، لەبەر ئەوە هەسانگاندن و پێشنیار ئاسان نیە، لێرەدا پێویستە باسی زۆر خاڵ و بابەت بکەین بە هیوایەی سوودیان هەبێ.
ئەمە دەزانین بارو دۆخی جیهان و نەودەوڵەتی، لە چاو ٤٠ – ٥٠ ساڵ پێش ئێستا، گۆڕانی بنەڕەتی بەسەرداهاتووە، بەمشێوەیێ دیبلۆماسیش گۆڕاوە. لە کۆنەوە دیپلۆماتکار و نێردە دیبلۆماسیەکان دەبوایە

کەسانی زمانزان، بە ئەزموون، شارەزا لە کاروباری سیاسی و کولتوری ئەو ولاتە بن کە بۆی دەچوون، دیاری دەکران، ئیستاش ئەو پەیوەرانە بە شێوەیەکی کەمتر، لەبەرچاو دەگیرێن. تەکنەلۆجی سەردەم پەیوەندیەکانیان ئاسان کردووە، رێگاکانیان کورت کردووە و زانیاریەکانیان زۆر کردووە.
وەک لە پێشوە ئاماژەم پێدا تا کۆتایی سالانی ١٩٧٠ زا هەموو هەولێکان تاکە کەسی بوون، لەبەر هەلکەوتەی جوگرافی و سەختی بارودۆخی سیاسی و هەیکانی پەیوەندیکردن لە نێوان ناوەوو دەرەوەی ولات پەیوەندیکان لەسەر ئاستی خزم و یەکترن ناسینن بوون.
من وا هەست دەکەم لە کاتی شەرشی ئەیلول، ١٩٦١ – ١٩٧٥ بەرپرسێکی لەهاتوو و شایستە بە پەیوەندیکانی دەرەوە وجودی نەبووە، باوەڕ ناکەم راپەرتێک یان رێنمایی لە ناوەو بە دەرەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی کار کردن و داواکاری کورد، رەوانەی دەرەوە کرابێت یان بە پێچەوانەوە. ئەو مانای وانیە کە لە دەرەوە کەسی چالاک و بە توانا نەبووبێ، بە دڵنیایەوە هەبووە بەڵام وەک پێویست گوێیان لێنەگیراوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی لە بنەڕەت حیزب و شۆڕش لەسەر عەقلیەتی فیودالی و خێڵگەرایی دروست بوو بوون.
لە سەرەتای سالانی ١٩٨٠ کورد زیاتر روو لە ئەوروپا دەکات، جارە هەول و جموجۆلیەکی دەستەجەمعی دروست دەبێت بەڵام لە سەر ئاستی حیزبی، پ.د.ک، ی.ن.ک و پ.ک.ک، حیزبی دینوکراتی کوردستان و کەمەڵەی زەحمەتکێشانی، هەر کەس و لایەنە بە خۆی، پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوانیان نەبوو یان زۆر کەم بوو. رەوەندی کورد لە دەرەوە بوو بە ٣-٤ بەش، جموجۆلی و چالاکیەکان زۆرتر بوون، دەست بە سەردان و پەیوەندیکردن بە حیزب و فراکسیۆنکانی پەرلەمانی ولاتانی جاربەجار کران بەڵام دیسان بە شێوەیەکی بە بەرنامە و پێگرام. جاری وا هەبووە، لە ماوەی یەک مانگ، نوێنەری پارتی و یەکێتی سەردانی حیزبێک یان فراکسیۆنی پەرلەمانی وولاتێکیان کردووەو هەریەکە بە دۆزی یەکتر قسەیان کردووە! من بە خەم زیاد لە ٣ جار راپەرت و دەسیەم لەسەر بارودۆخی ئیتالیا، هیزە سیاسیەکان، رای گشتی، پەیوەندی نێوانی عێراق و ئیتالیا، بە یەکێتی ڕەوانە کردووە و کەس بە یەک وشە وەلامی نەداوەتەوە. تە ئاگەر بە باشی زمان نەزانی، شارەزایی مەژوو، کولتوری ولاتێک نەبی ناتوانی پەیوەندی ببەستی و دروست بکەی یان سەرکەوتوو نابیت. ئەمە بە نوێنەر و نەردەی دەوڵتانیش هەر وایە.
ئێستا کورد لەهەموو ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور ژمارەیان زۆرە و دەتوانن خۆیان ڕێک بخەن، دەزانم ئەوە هەر بە قسە خۆش و ئاسانە، بەڵێ گرفت زۆرە بەڵام کەسانی بە توانا و زمانزان هەیە،

ئیمکاناتی ماددیش هەیە. کەواتە نوێنەرەکان، جگە لە دەسەزی و دەست پاکی و ناو و ناوبانگ، دەبی زمان و کولتوری دەولەتەکان باش بزانن، توانا و ئاستی کولتوری و ئەکادیمیان بەرز بێت.
نوێنەر و مەکتەبەکان بە بەردەوامی هەوال و زانیاری بە ناوەوە و رەوانە بکەن و بە پێجەوانەوە و وەربگرن، پیویستە زۆر بە وریایی رەفتار بکەن یان هەلوەستەک دەربەن یان وتارێک بە زمانی ولاتەکە بلاو بکەنەوە. دەتوانم زۆر نموونە بهێنمەوە کە هەندە سەرکردەی کورد هاتوونەتە ئیتالیا و وەک پێویست رەفتاریان نەکردووە.
مەسعود و نیچیروان بەرزانی، لە دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن بە دڵیان جار سەردانی ئیتالیایان کردووە و بەڵام ئامادە نەبوونە بەشداری کۆبوونەوەیەک بکەن کە تیایا پرسیاریان لێبکرێ، لەبەر ئەوە هیچ رۆژنامە و کەناڵی تیڤی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نەکردوون. بە هەمان شیوە بە سەرۆک کۆمار، لە مام جەلالەوە تا د. لەتیف رەشید، ئەوانە بە حوکمی پۆستەکانیان دەیانتوانی لە سەردانەکانیان رۆل و پێگەی کورد پیشان بدەن و بەهێزی بکەن.
بە کوردانی باکور باسکەمان کەمێک جیاوازە، لە کۆتایی سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو رۆژنامەنوس و مامۆستای زانکۆ سەردانی لوبنانیان کردووە، لە دڵی بیقاع، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان کردووە و بلاویشکراونەتەوە لە ئەرشیفەکەم پاراستووم و ناوەڕۆکەکان ڕەک و پێکن. هەندە نوێنەرو کادیری پکک، پێش هاتنی ئۆجالان بە ئیتالیا ناوە ناوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ رۆژنامە و هەندە حیزب و پەرلەمەنتاری ئیتالی کردووە. بە پێی ئاگاداری من، لە سالی ١٩٩٣ تاکو ئێستا، ٥ نوێنەری کوردانی باکور لە ئیتالیا ئالوگۆیان پێکراوە، هەر ٤ – ٥ سال جارێک نوێنەرەکانیان دەگۆڕن. بەرای من ئەو ئالگۆرکردنە کارێکی زۆر باشە.
بە پێی زانیارییەکانی من ئێستا تەنها کوردانی باکور نوێنەرایەتی و سەنتەری کولتوریان لە زۆربەی ولاتانی ئەوروپا هەیە، نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی کوردستان بە زۆری هی پارتین. لەم کات و ساتە نوێنەرایەتیەکی هاوبەش نیە و ئاسان نیە لە ئایندەیەکی نزیک هەبێ. نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە خزمەت دەزی کورد نین و نابن و جێگەی متمانەش نین، ئەوە حکومەتی هەرێمە بۆتە ماشێی دەوڵەتی تورکیا و بە دژی بەرژەوەندیەکانی کورد، لە پشتەوەی هەموان هی باشور، دەجوڵێتەوە، سەرۆکای ئەو هەموو ئالگۆڕی بازرگانی و ریکەوتنی ٥٠ ساڵەی نەوت بە خۆایی تورکیا ڕێگە نادات نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئەنقەرە بکرێتەوە. ئەگەر باسی ئیتالیا بکەم لە مەکتەبی حکومەت لە ٥ تا ٧ کارمەندی کورد و

ئیتالی کار دەکەن، بە کڕی بالەخانەکە و موچەی کارمەندەکان سالانە نیو ملیۆن دۆلار سەرف دەکرێ، ئەوە بەجگە لەو پارەیەی، وەک خەیان دەڵێن، بە بە لەبیکردن تەرخانکراوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە پارتی و یەکێتی نوێنەری خەیان هەیە و موچەشیان بە دابینکراوە. ئەوەندەی من ئاگادارم نە بە یەکەوە و نە بە تەنها شتێکی وا نەکراوە شایان باسکردن بێت. هەموو هەوڵەکیان بریتیە، لە ناو ڕەوەندی کورددا لایەنگری خەیان زیاد بکەن.
هەڕەمی کوردستان لە دوای کۆتنی رژەمی سەدام حوسێن، بە تایبەت لە کاتی پەلامار و هەڕشەکانی داعش، هەڵەکی زۆرینی بە ڕەخسا پەڕە بە دیبلۆماسیەتیەکی نیشتمانی بەدات بەلام بە داخەوە، وەک ئاشکرایە، هەمووی کردە قوربانی بەرژەوەندی خەڵگرایی و بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی. ئەوەش بووە هۆی شکستێکی "کەمەرشکێن" و ڕژێ بە دوای ڕژێ زیانەکان زەرتر دەبن.
لەبەر ئەوە ناکری باسی "دیبلۆماسی کورد" بکەین، ئەوەی هەیە هی پارتە سیاسیەکانە وتاکو ئێستا شکستیان هێناوە، بەرهەمەکەی لە باشورر بۆتە مەسەلەی هاتن و نەهاتنی "موچە"، لە ڕژەهەلات "ئاشبەتال"ی سەرگەردانی، لە باکور و ڕۆژئاوا لە لایەن تورکیا و پارتی گەمارۆدراون.
کەنگرەی نەتەوەیی کوردستان – کنک"، سەرەڕای تێکۆشان و چالاکیەکانی، وەک پێویست، هەولی کەکردنەوە و ڕێکخستنی کوردانی دەرەوەی نەداوە و هیوادارم لە ئیستاوە خەمێکی جدی لەم مەسەلەیە بخوات و کەسانی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی کوردیش ڕاڵی خەیان بگەن و بەشداری ئەم خەباتە نیشتمانیە بکەن.



گۆڕی پیرەزی شەریف پاشای خەندان، باوکی دیپلۆماسییەتی کورد، بە کامەرای د. جاسم خۆشناو، ئیتالیا

گفتوگۆیەک لەگەڵ فۆتۆگرافەر بەکر نەبی.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئیلیاس

فۆتۆگرافەر بەکر نەبی : گوناحە تۆ هاوڵاتی ئەم نیشتمانە بیت و عەشقی ئەم سروشتە نەبیت
فۆتۆگرافەر بەکرنەبی : ئەمە لەکوردستان خاوەنی چوار وەرزی زەر جوانی ساڵین
هونەرمەندی فۆتۆگرافەر"بەکرنەبی مەحموود"،لەدایك بووی شاری هەولێر،دەرچووی کۆلیژی ئاداب بەشی راگەیاندن،تائێستا نە پشانگای تایبەتی کردتوە لە شارکانی هەولێر وسلێمانی و کرکووك وپشانگایەکی تایبەتییشی لە وڵاتی سوئد کردتوە ، بە

شداری 27پێشانگای هاوبەشیم کردوە لەشارەکانی عێراق دەرەوی عێراق بە زیاتر ئاشنا بوون بە کارو چالاکییەکانی چەند پرسیار بەسەرمان کردووە.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

***سەرەتا پێم باشە باس لەچۆنیەتی ئاشنابوونت بەکامیرا بکەیت؟**

- سەرەتای ئاشنابوونم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای راپەڕینی گەلی کوردستان، بەدیارکراوی لە ساڵی 1995 ئەو کات لەگەڵ هاوڕێی بەڕێز هونەرمەند مامۆستا ئیاد، کە فۆتۆ گرافەرێکی ناسراوی شاری هەولێرە ئەو کات زۆر بەی کاتەکان بیەکەوە بووین ئەو وێنەی زۆرجوانی دەگرت هەم وێنەی بازرگانی هەم وێنەی سروشتی وهونەری کارانەی ئەو سەرنجی زۆری منی راکێشە ئیتر لەو سلتەوە بەهاوکاری مامۆستا ئیاد دەستم بە کاری وێنە گرتن کرد، بەیە ئەمە بووە بە خاڵی دەست پێ کردنم.

***یەکەمین کامیرا کە بەکارت هێنا چ جۆرە کامیرایەك بوو؟**

- ئەو کات کە من بووم بە وێنەگر ئابوقەکی ئابوری زۆر بەهێز هەبوو کامیرا زۆر کەم بوو من بە کامیرایکی روسی ناوی کیڤ بوو،دەستم بەکاری وێنەگرتن کرد.

***زۆرێك لەوێنەکانت سروشتی کوردستان لەخۆ دەگرێت ئەم نهینیە بە چی دەگەریتەوە؟**

- گوناحێ تە هاوڕاتی ئەم نیشتمانە بیت و عەشقی ئەم سروشتە نەبی بەڕاستی ئەمە خاوەنی سروشتەکین پاو پێ لەجوانی ئەرکی ئەمەیە ئەو سروشتە جوانە نیشانی دنیای بدەین ئەمەلە کوردستان خاوەنی چوار وەرزی زۆر جوانی ساڵین خاوەن کلتوو و زمان و فرە ئاینین پۆیستە لەسەرمان لەرگای زومی کامیراکانمان هەموو جوانیەکانی کوردستان نیشانی جیهانی دەرەوەمان بدەین بەین ئەمەیە وڕاتی ئەمەیە.

***ئاستی وێنەگرانی فۆتگرافەر لەکوردستان چۆن دەبینی ؟**

- خەرمان بەرەکەت لەئێستا دا وێنەگری زۆر چاکمان هەیە بەشداری پێش بەکی جیهانی دەکەن کامیرای زۆر زۆر باشیان هەیە جاران ئەگەر بگەرێنەوە ساڵانی رابردوو 70ساڵ پێش ئێستا هەرچی وێنەو ئەرشیفی کورد هەیە هەمووی بە زوومی کامیرە مانی بیانی گیراوە.

***ئەوگرفت وکێشانە چین کەدەبێتە کەسپ لەکاتی وێنە گرتن دا؟**

- لەئێستا دا گرفتە کان بەم شێوە نیە، چونکە مەیدانە کە بەرفراوانە لەبەر ئەوەی ئێستا کێشە ی کامیرا نییە ئازادی

